www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 9:07 21-10-2006

## لە نۆزدەمین ساڵرۆژی هونەرمەندی گەورە تایەر تۆفیق پەیامێک بۆ مامۆستا وریا ئەحمەد... جیهان بەخش كۆیی

زۆر گۆرانی كۆن هەنە كە مۆسیقاكەی باشنییە یا خود مۆسیقیەكان هێندە بە تونا نەبوون كە كاریان لە گەڵ گۆرانیبێژە كۆنەكان كردووە وەك عەلی مەردان – تایەر تۆفیق – حەسەن زیرەك هی بەغدا مەلا كەریم سەید عەلی ئەسفەری كوردستانی و زۆرانی تر یا خود هەندێ گۆرانی هەیە كە كاتی خۆی هونەرمەندان بێمۆسیقا گوتویانە بۆ نمونە چوارینەكانی خەیام بە دەنگی هونەرمەند مامۆستا تایەر تۆفیق –ئیمرۆ هەندێ هونەرمەند كە بە كەڵە هونەرمەندەكان ڕانەگەیشتوون دەیانەوێ هەندێ كاری هونەریان بۆ ئەنجام بدەن ئینجا چ بە دانانی مۆسیقا بۆ گۆرانیە بێمۆسیقاكان یا خود دانانی مۆسیقای تازە لە بری مۆسیقا كۆنەكان واتا بەهۆی ئامێری تازە و هونەری كۆمپیوتەر ئەم كارە دەكەن و بە گوتەی هەندێ پسپۆران ئەمە كارێكی زۆر بە تواناو بەهرە و شارەزایەكی باشی دەوێ چونكە ئەمە بە هەموو كەس ناكرێ و كەم كەس هەیە قەرەی لەم جۆرە كارانە بدات.

بەڵام بە داخەوە مامۆستا وریا ئەحمەد لە جیاتی ئەوەی یاریدەدەر و پاڵنەر و توانا بەخش و ڕێپێدراو بێت بۆ ئەم جۆرە كارانە بە تایبەتی بۆ لاوەكان كە تواناو وزەی گەورەیان تێدایە بەڵام نەك لەگەڵیاندایە بەڵكو ڕێگریشە لە بەر دەم بەهرەداران ئەوەتانی هونەرمەندێك پێی دەڵێ مامۆستا چوارینەكانی خەیامی تایەر تۆفیق كە مامۆستا ( (ئامانج) ) یش مۆسیقای بۆ داناوە دەمەوێ منیش مۆسیقای بۆ دابنێم بەڵام بە شێوەیەكی تر وەڵامی مامۆستا وریا ئەحمەد زۆر سەرسوڕهێنەر بوو هونەرمەندان شەیدایانی دەنگی تایەر تۆفیق دەزانن چی گوتبوو مامۆستا وریا لە وەڵامی بۆ هونەرمەندەكە دەڵێت ( (ئەوە چیە كابرایەك سەرخۆشی كردیە چ ئیشت لەوەی دایە) )

جارێ مامۆستا دەزانێ كە كێ ئەوەی تۆمار كردووە و بە چ شێوەیەك بووە ئەوە تۆماری كاك ( (ئەمیر كۆیی) ) یە كە لە مانگی 4 ساڵی 1970 بۆ ماوەی 7 شەو توانی 216 چوارینەكانی خەیام – وەرگێڕانی شێخ سەلام و ماوەی 3 كاتژمێر تۆمار بكات دووەم جار مامۆستا وریا چاك دەزانێ كە كاك ئەمیر بە درێژایی تەمەنی نە مەشروبی خواردۆتەوە و نە جگەرەشی كێشاوە و توانویەتی زیاتر لە 30 كاتژمێر گۆرانی تایبەت بۆ مامۆستا تایەر تۆفیق تۆمار بكات كە بووە سەروەت و سامانێكی دەگمەن لە ئەرشیفی گۆرانی كوردی. ئەمەیان جێگەی دەستخۆشیە دەبایە مامۆستا وریا هەر نەبایە جارێك ئاماژەی بە تۆمارەكانی كاك ئەمیر دابا، بەڵام بە داخەوە من دەپرسم جەنابتان بە درێژایی تەمەنی هونەریتان لە تیپی باواجی كۆیە و تیپی هونەری هەولێر چیت بۆ تایەر تۆفیق كرد، تەنیا و تەنیا یەك كارت بۆ تایەر تۆفیق كرد لە ساڵی 1977 لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر كە هەر هەمووی فەشەلی هێنا لە وانەش گۆرانیەكەی خاڵە تایەر ( (شیرینێ لەیلانێ) ) كە گۆرانیەكی منداڵانی 8-9 ساڵانەیە و منداڵان بە سواری جۆلانە دەیڵێنەوە من لە تۆ و لە هەموو هونەرمەندان دەپرسم توخوا لەو هەموو شاكارانەی تایەر تۆفیق شیرینێ لەیلانێت هەڵبژارد ئەگەر ئیهانە و كەمكردنەوەی تایەر تۆفیق نەبێ ئەدی لە پای چی ئەو گۆرانیە لاواز و زەعیفە سەد خۆزگەم بە عازفە كۆرەكانی ئێستگەی كوردی بەغدا كە توانیان بەسەدان گۆرانی بۆ ئەو بۆ ئەوانی تر تۆمار بكەن كەبووە ئەرشیفێكی لەبن نەهاتووی گۆرانی كوردی، زۆر جار گوێ بیستی ئەوە بوومە كە گوتوتە تایەر تۆفیق فلان گۆرانی و فلان گۆرانی لە هەندێكەس فێر بووە دزیویەتی بەبێ ئەوەی یەك تاكە بەڵگەت هەبێ بەڵام ناپرسی چارگای تایەر تۆفیق كێ فێری كردووە كە هەتا مەقام زان و مەقام ناسێكیشی مابێ بەقەد ئەو جوانی ناڵێن.

ئەدی تەلقینەكەی هەژار ئەدی لە دەستم دێی عەبدوڵا پەشێو ئەدی گوڵبژێرەكەی ناڵەی جودایی هێمن بە ناوی ساقیا ئەدی شاكارە گەورەكانی ئەمانە لە كێ فێربوو من بە تۆ و گشت هونەرمەندان و هونەردۆستان دەڵێم كە تایەر تۆفیق گۆرانیبێژێك بوو هەڵكەوت دوای خۆی كەس جێگەی ناگرێتەوە چ

لە دەنگ و ئەدا و گەورەیی کەسایەتیە بەهێزەکەی دوبارە داوا لە گەنجان دەکەم کە چەند دەتوانن مۆسیقای تازە بۆ گۆرانیە کۆنەکان دابنێن ولەم ڕووەشەوە مامۆستا نایف لە هەولێر دەستپێشخەربووسەرکەوتنیشی بە دەست هێنا چونکە ئەم کارە زۆر گەورەیە بەهرە و توانا و زیرەکی و لێهاتوویی دەوێ.

ئینجا با هەمووان لە خزمەتی ئەو کار و پڕۆژانە بین کە بەرژەوەندی گشتی تێدایە و ڕێگر و بەربەست نەبین و کار ئاسانیان بۆ بکەین بە تایبەتی هونەرمەندانی گەنج و تازە پێگەیشتوو چونکە لاوەکان ئەوانەی تازە پێدەگەن هەمو فکر و بیر و هۆشیان لای ئەوەیە کە چۆن کاری جوان ئەنجام بدەن بە دوای گیرفانیان نا گەڕێن، دەبێ لە هەموو کارێکیان دەستخۆشیان لێ بکەین.

Jehanbaxsh_koye@hotmail. com